# هەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی کوردی و سیاسەتی پراگماتیستی ئەمەریکاو ڕاپۆرتەکەی بێکەر _هاملتۆندا

**عوسمان ژاندار**

دوای بلاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی بێکەر _هاملتۆندا تەواوی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و تیفیەکان و حیزب و ڕێکخراوە مەدەنی و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و تەواوی شەقامی کوردی بەخۆیەوە خەریك کردوو هەموویانی هێنایەوە هۆش خۆی و لە قۆزاخەی سوڕی مانگانەی متبوونی دا هێنانیە دەرەوە، کارەساتەکانی مێژووی چەندین سەدەی وەبیر هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگاو گەلە ستەم دیدەو بەشمەینەتەدا وەك ئاوێنەیەك بەبێ ئەوەی وێنەکان بشێوێنێ بەجوانی خستیانەوە بەرچاوما ئەمەش لەسایەیی ئەوسیاسەتە دۆگمایەی کەسەرکردایەتی کوردی لەتێ وەك ئاوێنەیەك بەبێ ئەوەی وێنەکان بشێوێنێ بەجوانی خستیانەوە بەرچاومان.

کۆشان و سەرهەڵدانەکانیدا پشتی بەسیاسەتی دەرەکی مێژووی هەشتاس اڵەی ڕا پەڕین و و دەوڵەتە هەرێمیەکان و ناوەندگەراکان بەستبوو، وەلێ ئەفسوس لەسەردەمی زانست و ڕۆشنگەری و جیهانگیریدا دەبێت زۆربەگرانی باجەکەی بدات، لەدوای ڕاپەڕین و دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادی عیراق و کوردستان بەگشتی هێزی کوردی وەك لایەنێکی سەرەکی و هێزێکی پشتگیری و یارمەتی دەرێکی بەهێزبوو لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانان بۆناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەهەموو ئیمکانیاتی مادی ومەعنەوی خۆی خستە باوەش و سیاسەتی ئەمەریکیەوە کە بەتەواوی خۆی خستە خزمەتی بەرژەوەندیە سیاسی و ڕۆژانەییەکانی ستراتیژی و تەکتیکی هێزی ئەمەریکاوە، خۆش باوەڕی و ساویلکەیی و هێزی کوردی و سەرکردایەتی کوردی بەرامبەر بەداخوییانیەکانی ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانان لە خشتەبراو ئەو چەمك و زهنیەتەی لای کورد دروستکرد کەئیتر ئەمریکاو هاوپەیمانان ئەو هێزانەنین کەجارێکی دی پشتی گەلی کورد نەگرن و پشتی تێبکەن سەردەم سەردەمێکی ترە,بەڵێ ڕاستە سەردەم سەردەمێکی ترە, بەڵام سیاسەت وستراتیژی ئەمریکا هەر ئەو سیاسەت وستراتیژیەیە کە ستراتیژنوسەکانی وەك رامسفێلد ودیکچینی وفۆکۆ....هتد دارێژەری نەخشەکەن لەپشت ئەمەشەوە هێزە فەندەمەندە لیستەکانی پشتی کۆشکی سپییەوە پشتگیری لەم ستراتیژو نەخشەو سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی دەکەن, هەربۆیە ئەوەی لەسیاسەتی ئێستای ئەمریکادا بەدی دەکرێت گۆڕینی خودی سیاسەت وستراتیژی ئەمریکی نیە, ئەوی دەگۆڕێت, سیاسەت وتەکتیکە لەخزمەتی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکادا, کورد لەبەردەم ئەم تەکتیك وسیاسەتەدا تەواوی سەبەتە هێلکەکەی بەبێ ئەوەی هێلکەی شکاوی تیابێت دایەدەستی ئەمریکا وئەویش لەوەڵامدا؛ گوایە هێلکەکانی ناوسەبەتەکە هێلکەی مریشکێکە کە دۆراندویەتی لەبری پاداشت و چاکە لەسەبەتەو ڕاپۆرتەکەی(بیکەر- هامیلتۆن) دا هێلکەی پیسی بۆ ناردنەوە, ماڵی قەڵب دەبێت بدرێتەوە بەخاوەنی.

ئەوەی جێی سەرنج تێرامانە هەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی کوردی لە بەرامبەر سیاسەتی پراگماتیستی و ڕۆژانەیی ئەمریکاو ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هامیلتۆن دا دەیەوێ شەقامی کوردی سارد بکاتەوەو بێدەنگ بێت نارەزاییەکانی گەل لەناوەندەکانی زانکۆو پەیمانگاو...هتد چالاکیەکان بەرتەسك دەکاتەوەو هەڵوێستێك لەهەڵوێستەکەی ئیدریسی بەدلیسی کەمتر نەبێت, کەدەیگووت ئەوەی شەری هێزی عوسمانلی بکات تەڵاقی دەکەوێت, شەخسیەتی سەرکردایەتی کوردی هەڵوێستێکی سیاسی بارادۆکسی نیشان دەدات, چ تەوفیرێکی هەیە ئەگەرئەمریکا بەپلەی 180دەرەجە ڕوی خۆی لێمان وەرگێرێت, گرنگ ئەوەیە دڵی نەیەشێت وخۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانمان وکورسیەکانمان دەپارێزێت, لەزمانی خۆشیانەوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەمریکا ئەگەر شەریشمان بکات ئێمە لەگەڵیدا هەر دۆست دەبین.

سەرکردایەتی کوردی لەسیاسەتی خۆیدا بەهەڵەدا چووە, کەئەوەی شەر دیاری دەکات سیاسەت نییە, ئەوی سیاسەت دیاری دەکات شەرە,ئەم ڕاستینەیەش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست وکوردستان و ئێراق بەتایبەتی زۆر بەرچاوو ڕوونە. لەپاش ڕزگارکردنی ئێراق وناوچەکە ئەمریکا کەوتووەتە ناوگێژاو"فوطا"شەرێکی دژواری مەزهەبی وئەتنیکی ونەتەوی ورۆژانە لەتیڤیەکانەوە دەیان بینین کەچۆن سەربازانی ئەمریکی دەکوژرێن, ئەم کوشتارە لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ولەناوخۆی کۆمەڵگای ئەمریکیدا ڕوبەڕوی نارەزایی ورەخنەی توند بۆتەوە, ئەمەش بۆ ئەمریکا نارەزای وشکستێکە کەدەیەوێت پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی خۆی سەربخات.

هەربۆیە ئەمریکا ناچارە چاوێك بەسیاسەتەکانی وتەکتیکی ورۆژانەییەکانی خۆیدا بخشێنێتەوەو گۆرانکاری لەپرۆژەکەیدا بکات تاڵەو قەیران وگێژاوەی کەی‌تێی کەوتوە ڕزگاری بێت.هەربۆیە ئەوەی سیاسەت دیاری دەکات شەرە, ئەم شەرەش پێویستی بەسیاسەت وتەکتیکی نوێ هەیە بۆئەوەی بکەوێتە خزمەتی ستراتیژیەکانی ئەمریکاوە, کێ دیویەتی بەزلەبەردەم پشیلەدا دابنرێت؟! ئەمرۆگەلی کورد وسەرکردایەتی کوردی پارچە بەزێك بوون لەبەردەم ئەم پشیلەیەدا, ئەویش ڕاپۆرتەکەی بێکەر وهامیلتۆنە کەسیاسەت و تەکتیکی ئەمریکا زۆربەجوانی دەرخستووەتەروو, کەچی سەرکردایەتی کورد لەبەرامبەر ئەم پلانە نێودەوڵەتی و هەرێمیەدا دەیەوێت ڕووی ڕاستیەکان بەبێژنگ بگرێت, بەگەل وا ڕادەگەیەنن کەئێمە لەگەڵ ئیدارەی

ئەمریکی و خودی جۆرج بۆشدا ئەو سیاسەتە راست دەکەینەوە و داوایان لێدەکەین کە گۆرانکاری لەراپۆرتەکەدا بکەن, دیارە سەرکردایەتی کوردی "لەکاتی رەشەبادا قەدری شەماڵ دەزانێت" هێشتا ئازاری دانی مارانگەزی نەچەشتووە, هەربۆیە ئەوندە بێخەم وبێهەڵوێست ماوە.

لەم نێوندەدا سێ رێگا لەبەردەم سەرکردایەتی کوردا هەیە, یەکەمیان یا ئەوەتا تەحەمولی مێژوو بکەن, یائەوەتا جارێکیتر بچنەوە شاخ ئەمەش وەك خەوێکی خۆش وایە کە بەئاسماندا بفریت وکە جارێکیتر قەد نایەتەدی یانیش ئەوەتا بەهەمووشتێك رازی بیت و هەموو شتێك بدەیت بەدەستەوە, ئەمەش دەبێتە ئاش بەتاڵێك کەلەمێژوودا وێنەی نەبێت جارێکیتر بەهیچ کلۆجێك ناتوانی باسی کورد وکوردبوونی خۆشت بکەیت, تابووتێکت بۆ درووست دەکەن کەوێنەی نەبێت، پێویستە سەرکردایەتی کورد بگەرێتەوە خاڵی مەرجەعیەتی خۆی کەئەویش خودی پشت ئەستوورە بەگەل پێویستە دامو دەزگا ورێکخراوەکانی کۆمەڵگە مەدەنیەکان بەچالاکی دیموکراتیانە و مەدەنیانە هەڵوێستی سیاسی خۆیان پیشان بدەن و گەلیش ئامادەی رێپێوانێکی هێمنانە و گشتگیر بکەن و نوێنەرایەتی بکرێت سەرکردایەتی کوردی بەس دەتوانێ بەم رەنگە هێزی سیاسی خۆی بەرامبەر سیاسەت و تەکتیکی رۆژئاواو دەوڵەتە هەرێمیەکان نیشان بدات.